



# ئایین و دیالۆگ

## کۆمەڵێ گفتوگۆ

### وەرگێڕانی: سەنگەر رەمزی زراری

**دەزگای وەرگێڕان**

دەزگایەکی ئەهلییە بایەخ بە بواری وەرگێڕانی کتێب دەدات

ناوی کتێب: ئایین و دیالۆگ
بابەت: کۆمەڵێك گفتوگۆ
وەرگێڕانی لە عارەبییەوە: سەنگەر ڕەمزی زراری
بەرگ: ئاگری باڵەکی
دیزاینی ناوەوە: ئاکار جەلیل کاکەوەیس
تیراژ: 1000 دانە
نرخ: 4000
چاپ: یەکەم 2007 - هەولێر
چاپخانە: چاپخانەی منارە ـ هەولێر
لە کتێبخانەی گشتی هەولێر ژمارەی سپاردنی (237)ی ساڵی 2007ی دراوەتێ.
ناونیشانی دەزگای وەرگێڕان:
هەولێر/ گەڕەکی سێتاقان، نزیك ئامادەیی کوردستان
نورماڵ: 2532099

ئەم کتێبە پێکهاتووە لە کۆمەڵێ گفتوگۆ دەربارەی ئایین، لەگەڵ ئەم بیرمەندانە:

- شێخ محەمەد حوسێن فەزولوڵلا
- بیرمەندی میسری نەسر حامد ئەبوزێد
- رۆژهەڵاتناسی فەرەنسی پییر لاری
- شتیڤان رایشمۆت مامۆستای ئیسلامناسی
- غالب شابەندەر
- فیراس ئەلسەواح
- حەسەن حەنەفی
- د. محەمەد شەحرور

له بەشێکی پێشەکی کتێبەکەدا هاتووە:

هەرچی پەیوەستە بە ڕۆژهەڵاتەوە کە وەکو دەڵێن لانەی ئایینەکانە، ئەوا بە درێژایی مێژوو هیچ کاتێك لە ئایین دانەبڕاوە، تا ئێستاش هەمیشە زۆرینەی خەڵکەکەی لەوانەن کە پابەند بوونە بە ئایینەوە و ڕێنماییە ئایینییەکانیان جێبەجێ دەکەن، ئەمەش بەردەوام کەسانێك بەرهەم دەهێنێت کە ئایینیان وەکو میراتێك لە باوانەوە بۆ دەمێنێتەوە و خۆیان جگە لە دروشمە ئایینییەکان و بەجێهێنانی ڕێنماییەکانی ئایین ئەلفێکی تر لە ئایین نازانن، هەر قسەکردنێکیشیان لەسەر ئایین بە بڤە زانیوە، بەڵام لەبەرامبەر ئەمەشدا هەردەم نوخبەیەك هەبووە کە قسەیان لەسەر ئایین کردووە و هەوڵیانداوە بەشێوەی بابەتیانە و دوور لە ترس قسەی خۆیان لەسەر ئایین بکەن.

ئەم دیالۆگانەی ئێرە کۆمەڵێ قسەکردنن لەسەر ئایین کە ڕەنگە تا ڕادەیەك بیروبۆچوونی نوێ بن. ئێمە پێویستمان بەوەیە کە لەو تەقلیدە دەرچین کە ئایین بە میرات بۆمان بمێنێتەوە، پێویستمان بەوەیە خوێندنەوەی نوێ و جیاوازمان هەبێت بۆ ئایین و دەقەکان و لەگەڵ سەردەمدا بڕۆین.

**سەنگەر زراری**

2007/1/20

**هەولێر**